# هەموو کچێك چی بزانێ

دکتۆر هیوا عومەر ئەحمەد

طاهر مەریوانی لە سی یەکان دا لەگەڵ خوالێ خۆش بوو مصطفی صائب (١٩٠٤ - ١٩٨٠) قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکداو دوانزدە کتێبی کوردی یان لەچاپ داو بلاوکردەوە، کە بە ئەرك و ئەمەکی «کوردی و مەریوانی» هاتبوونە بەرهەم[١]. ژمارە (٦)ی ئەم زنجیرەیە کتێبێکە کە بەناوی «هەمو کچێك چی بزانی»یە، یەکەم کتێبی پزیشکی یە کە بەزمانی کوردی دەربچێ، قەبارە چارەکە بەتاڵو پەرە بۆرەو (٨٨) لاپەرەیەو لە ساڵی (١٩٣٣) زایینی دا لە چاپخانەی (کرخ)لە بەغدا چاپ دراوە.

**پێشەکی:**

نامیلکەکە پێش کەش کراوە بە (بەهەموو کچێکی تازەی کوردی ئەکەین، کە هیوای لەمەولا سەرکەوتن و پێگەیشتنی نەتەوەی مستقبل وابەستەی ئەوانە)[٢].

کتێبەکە لەم بەشانە پێك هاتووە (سەرەتا، دیباچە، کچیەتی (١، ٢)، پێ گەیشتن (١، ٢)، محرکی جنسی (١، ٢)، نەوە(١، ٢)، هەندێ تأثیراتی سکوت و نادانی، گۆرانی ژین) لە (سەرەتا)دا ئەڵێ: «لەمەولا بیرمان وایە ناوبەناو ئەم چەشنە کتێبانەیش بلاوبکەینەوە. چونکە زۆر داماوی ئەم تەحرە نوسینانەین، وکچە کوردەکان کەوا تازە پێ ئەگەن زۆر سرك و شەرمنی گەلێ شت هەیە کە پێویستە بیزانن و فێرنا کرێن، یالە ناسیاوێکی خراپەوە زۆر خراپ فێر ئەکرێن. بۆ ئەوەی هەمو کچە کوردێك خوی بناسێ و لە دایکیەتی و ژیان شارەزا بێ، ئەم کتێبەمان چاپ کرد، کە زۆر باش و بەکارە بۆیان. تکایش ئەکەین تەماشای کلمەو شتی وامان نەکرێ، چونکە ئەمە یەکەم کتێبە لەم بابەتەوە، لەزمانێکی علم و فنی غربەوە وەرگێراوەو کوردیش هێشتا کەم هێزەوێ لقویۆیە لە ماوەی علم و فندا، لەبەر ئەوە اصطلاحەکان نەکرێ، تاپیان کرابی بە کوردی نوسیومانەو وامان نوسیوە کە هەمو کسێك تێی بگاو خیری لێ ببینی بیرمان وایەو حەز ئەکەین لە بابەت ئافرەت و ژنەوە چی باشەو پێویستە وەریگێرین و لە بەرەوە بلاوی بکەینەوە بۆ خزمەتی پێگەیشتن و سەرکەوتنی ئافرەتی کورد چونکە باوەڕمان هەیە کە تا ئافرەت نەخوێنێ، پێ نەگا، و سەرنەکەوێ ملت پێش ناکەوێ، پێ ناگا.

**مانگی: خەرمانان 1933 کوردی مەریوانی**

سەراپا کتێبەکە بابەتێکی زانستی بەنرخە نەك هەر بۆ ئەوکاتە، بەڵکو بۆ ئەمرۆش، باسی پێگەیشتن و گەشەی بەردەوامی کچ و نیشانەکانی کچیەتی و هەرزەکاری و پێگەیشتن ئەکاو هەموو لادان و خواری یەکیان بۆ رۆشن ئەکاتەوە، باسی زۆر نەخۆشی مان بۆ ئەکات کە ئەشێ لەئەنجامی لادان و نەزانی یەوە تووشی ژن و پیاو ببێت، لە کۆتایی دا باسی لێ چوونەوەی ئافرەت و نیشانەو تەنگ و چەڵەمەکانیان بۆ ئەکات.

**نرخی نامیلکەکە:**

پاش خوێندنەوەی نامیلکەکە، چەند خاڵێك لە مێشکی خوێنەردا گەلاڵە ئەبێ و کتێبەکە ئەنرخێنێ، بەلای منەوە چەند نرخێکی هەیە.

**یەکەم، نرخی مێژوویی:**

پاش ئەوەی چاوێك بە کتێبخانەی پزیشکی کوردی دا ئەگێڕی، ئەوکاتە بۆت دەرئەکەوێ کە ئەم کتێبە خۆی لەخۆیدا مێژوویەکی مەزنە، پزیشکێکی نامۆی دوورەوڵات (٥٥) ساڵ پێش ئێستا هەستێ و بەوزمانە شیرینە، یەکەم کتێبی پزیشکی مان بۆ بنوسێ، ئەمرۆ (٥٥)ساڵ پاش ئەو نامیلکەیە کتێبە زانستی یە کوردی یەکان نەك بەتایبەتی پزیشکی یەکان هێندە کەمن، بە پەنجەکانی هەردوو دەست بژمێردرێن.

**دووەم، نرخی زانستی:**

ئەم کتێبە بابەتێکی هێندە ناسکی خستۆتە ڕوو، کە تا ئەمرۆش

زۆربەمان ورەمان ل‌ی‌یە، لی‌ی کەوین. جگە لەمە بنەما پزیشکی‌یەکانی کە باس کردووە دووسی‌یەکی تائێستاش هەر جی‌گرن‌و بگرە گەر ئەمڕۆ ئەم نامیلکەیە وەکو خۆی لەچاپ بدرێتەوە، هەمان سودو ڕۆل ئەدات کە ئەسالی (١٩٣٣) کوردی مەریوانی بۆی نوسیوە.

**سی‌یەم، نرخی زمانەوانی:**

چەندان زاراوەی پزیشکی کوردی لە خۆی گرتووە، کە ئەتوانرێ بەسەر چاوەیەکی زاراوەی زانستی‌و بگرە فەرهەنگۆکێك دابنرێ، هەرلەم پێودانگەوە هەندێ لەو زاراوانەی ناویتان بۆ ئەخەمە ڕوو.

| | | |
|---|---|---|
| پی‌گەیشتن | بلوغ | Maturation |
| هێلکەدان | میض | Ovary |
| هێلکەبچکۆلە | بويضة | Ovules |
| منالدان | رحم | Uterus |
| پەردەی کچێنی | غشاء البكارة | Hymen |
| هێلکەهاویشتن | | Ovulation |
| نەوە | نسل | Offspring |
| سك‌پڕبوون | حمل | Conception |
| گۆشتی‌منال | المشيمة | Placenta |
| هێلنج | | Nausea |
| فەرەنگی | الزهری | Sphilis |
| سوزەنەك | السيلان | Gonorrhea |

**پەراویزەکان**

١ - بڕوانە گۆڤاری (تەندروستی‌و کۆمەڵ) نەریمان بابەلی (نوژدارانمان لەمەیدانی نوسیندا)

ژمارە (٣)

سالی ١٩٨٧

لاپەڕە (٢٠)

٢ - بڕوانە «هەموو کچێك چی‌بزانی» کوردی‌و مەریوانی

سالی ١٩٣٣

چاپخانەی کرخ

لاپەرە (A.B)

# کانزاکان لە لەشماندا

د. عادل حسين عبد الله

ئێمە لە خواردنی ڕۆژانەماندا گەلێك لە کانزاکان بەکاردێنین کە زور گرنگن بۆ تەندروستی‌و درێژەدان بە تەمەن، ئەم کانزایانەش هەر کە ڕێژەیان لە لەش‌دا کەم‌بوو یان زیادبوو ئەوا کارێکی گەورە ئەکەنە سەر تەندروستی، گۆڕان لە لەش‌دا بەگشتی ڕوو ئەدات.

ئەم کانزایانە زۆرن وەکو:- ئاسن -کالسیۆم ئایۆدین(یۆد) -کوپەر - کرۆم - فسفۆر - مەگنسیۆم - سۆدیۆم پۆتاسیوم - کادمیۆم - ڤانادیۆم - فلۆرو هی‌تریش.

تاقیگەیەك لە سەر یەکێك لە چیاکان‌دا هەیە لە ژێر چاودێری دکتۆر شرۆیدەر (Shroider) کە یەکێکە لە زانایەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکانی نەخۆشی بەرزبوونەوەی تەووژمی خوێن‌و گرنگی کانزا لە لەش‌دا. وە ئێستاش خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە بابەت پەیوەندی کانزا بە لەش‌و نەخۆشی. وە ئەم دکتۆرە ئەڵێ: ئێمە هەر ڕۆژێك ڕێژەیەکی کەم لە کانزاکان بەکار ئەهێنین وە لە شی مرۆڤ چاك ئەزانێ کامەوە چۆن‌و چەند کانزای پێویستە وچۆن لە ڕێژەی زیادی کانزا لە لەش‌دا ڕزگاری‌بێت؟ بۆ